السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئیمان -باوەڕ- کۆن ولاواز دەبێت لە دڵی هەریەکێکتان هەروەکو چۆن جلی کۆن دەدڕێت ولاواز دەبێت، بۆیە داوا لە خوای گەورە بکەن کە ئیمان لە دڵەکانتان نوێ بکاتەوە

لە عبدالله کوڕی عەمرو کوڕی ئەلعاس -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئیمان -باوەڕ- کۆن ولاواز دەبێت لە دڵی هەریەکێکتان هەروەکو چۆن جلی کۆن دەدڕێت ولاواز دەبێت، بۆیە داوا لە خوای گەورە بکەن کە ئیمان لە دڵەکانتان نوێ بکاتەوە».
[صەحیحە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە ئیمان کۆن ولاواز دەبێت لە دڵی مسوڵمان وەکو جلی نوێ کە لەپاش زۆر بەکارهێنان وماوەیەکی زۆر کۆن دەبێت؛ وئەمیش بەهۆی کەمتەرخەمی لە پەرستنەکان، یان کردنی تاوانەکان وڕۆچوون لە شەهوەتەکان. بۆیە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕێنموێنی کردووە بۆئەوەی داوا لە خوای گەورە بکەین کە ئیمان لەدڵماندا نوێ بکاتەوە، ئەمیش بە جێبەجێکردنی فەرزەکان وزۆر یادی خوای گەورە وداوای لێخۆشبوون -ئیستیغفار کردن- دەبێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65020

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee